حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی  خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
کۆلێژی ئاداب/ بەشی فەلسەفە

# فەلسەفەی پەروەردە

## لە قۆناغە جیاوازەکاندا

ئامادەکراوە لەلایەن

**د.رۆژگار محمدامین علی**

2024

# پێشەکی

( فەلسەفەی پەروەردە) ڕستەیەک، یان دەستەواژەیەک نیە کە لەبەری بکەین و بیلێینەوە، کارێکی دیاریکراویش نیە ئەنجامی بدەین، بەڵکو (فەلسەفەی پەروەردە) چەمک و واتاو ئامانج و مەبەست و میکانیزم و شارەزایی خۆی هەیە، مەرج نیە بەشێوە تیۆریەکەی هەموو کەسێک توانای تێگەیشتنی هەبێت لە ( فەلسەفەی پەروەردە)، بەڵام هەموو کەسێکی پەروەردەیی بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت (فەلسەفەی پەروەردە) یان بەشێکی ئەو فەلسەفەیە لە کاری ڕۆژانەی خۆیدا پراکتیزە دەکات، هاوکات دەمانەوێت کە خەلکی بە گشتی و کاربەدەستانی بواری پەروەردە و فێرکردن بە بەرچاو ڕوونی و تێگەیشتنەوە فەلسەفەی پەروەردە بناسن و کاری پێبکەن و لێی تێبگەن.

## گرنگی فەلسەفەی پەروەردە:-

- فەلسەفەی پەروەردە بە بنچینەیەکی سەرەکی دامەزراوە پەروەردەییەکان دادەنرێت، و بەردەوام پشتی پێ دەبەستن ، فەلسەفەی پەروەردە ڕۆڵی  دەبێت لە دیاریکردنی کەرەستە و شێواز و ئامرازەکانی پەروەردە، هەروەها لە دیاریکردنی سیاسەتی پەروەردە و بوونیادنانی سیستەمێکی تایبەت بە فێرکردن و ئامرازەکانی فێرکردن.
- فەلسەفەی پەروەردە یارمەتیدەرە لە ڕوونکردنەوەی سروشتی چالاکیە پەروەردەییەکان کە بە جۆرێک لە دۆخێکی هەڕەمەکی و عەشوائی دەیکاتە پیشەیەکی ڕوون و خودان هۆشیاری بۆ ئامانجەکانی ژیان .
- فەلسەفەی پەروەردە کۆشش دەکات بۆ سازان لە نێوان ژینگە و تاکەکان ، و یارمەتیدانی تاکەکان لە گۆڕینی ژینگەی ژیانیان لە خراپەوە بۆ باش.
- فەلسەفەی پەروەردە ڕۆڵی هەیە لە بەگەڕخستنی پرۆسەی پەروەردەیی و بەستنەوەی بە بوارەکانی ژیان و کاری پەروەردەیی.
- فەلسەفەی پەروەردە هەڵدەستێت بە خستنەڕووی کۆمەڵێک پرسیاری تایبەت بە بواری پەروەردە و پاڵپشتی و جێبەجێکردن و ئەنجامدانی توێژینەوە و بوونیادی ڕێگایەکی هزری هاوچەرخ بۆ پاڵپشتی گەشەی پەروەردەیی.

## ئەرکەکانی فەلسەفەی پەروەردە:

- فەلسەفەی پەروەردە یارمەتیمان دەدات بۆ بیرکردنەوەیەکی ڕوون و ورد و ڕێکخراو لە چەمک و کێشەی پەروەردەیی.
- فەلسەفەی پەروەردە یارمەتیمان دەدات بۆ ئاشنابوون بە کارلێکی نێوان ئامانج و مەبەست و هەڵویستە پەروەردەییەکان.
- فەلسەفەی پەروەردە چەمکە سەرەکییەکانی پەروەردە ڕێکدەخات و ڕووندەکاتەوە، کە مانا و مەبەستی ڕوون و ئاشکرا بە پرۆسەی پەروەردەیی دەبەخشیت.

**پەروەردە لەکۆمەڵگە بەراییەکاندا:**

دیارە مرۆڤی کۆن لە کۆمەڵگەیەکی سادەدا ژیانێکی ساکاری بردۆتەسەر، خواست و داواکاریەکانیش زۆر کەم و سنوردار بوون و هیچ جۆرە گرژی و ئاڵۆزیەکی پێوە دیارنەبووە ، مرۆڤی ئەو چاخە لە دەستەوە بۆ دەم ژیاوە، ئەوەی لە پڕۆسەی پەروەردەی ئەو سەردەمەدا زۆر زەق و دیاربووە تەنها ئەوە بووە کە ڕۆڵەکانیان فێر بکەن تاکو لاسایی گەورەکانیان بکەنەوە لەو داب و نەریتەی هەیانە و بزانن چۆن شێواز و شکڵی ئەوان وەربگرن، ئەمەش لاساییکردنەوەیەکی سەرکوێرانە بووە و منداڵ بۆی نەبووە ڕەخنە بگرێت و بپرسێت و یاخی ببێت، گرنگ ئەوەیە منداڵ وێنە و ڕونوسکراوێکی پێشینەکانی خۆی بێت و هەروەکو وەکو ئەوان بیر بکاتەوە و وەکو ئەوان بژی و وەکو ئەوان بمرێت، ناوەڕۆک و کرۆکی ئەم پەروەردەیە ڕاهێنانێکی پلەدارانەی لاساییکردنەوەیی بووە و ئەوەش لە ناو داب و نەریت و خوی کولتووری و کاروباری ئەو تیرە و هۆزە کۆمەڵایەتیانەدا ببوو بە بەشێک لەسەروەریەکانی ژیانیان.

# تایبەتمەندیەکانی پەروەردە لە کۆمەڵگە بەراییەکاندا:-

- پەروەردە بەوە دەناسرایەوە کە بەسەر چەند کەسێکدا دابەشکرابوو زۆربەشی لە ڕاهێنان و مەشق و چاولێکردن و لاساییکردنەوەی گەورەکاندا خۆی دەبینیەوە، هۆکارەکەش ئەوە بووە کە هیچ دامەزراوەیەکی پەروەردەیی تایبەت وەکو قوتابخانە لە ئارادا نەبوو، لەبەر ئەوە جڵەوی سەرەکی پەروەردە و فێرکردن لە دەست دایک و باوک و خێزان و سەرۆکی هۆزدا بوو.
- کرداری پەروەردە کردن پلەدار و قۆناغدار بوو، ئەویش پەیوەست بوو بە تەمەنی منداڵەکەوە، لە چەندساڵێکی دیاریکراوی تەمەندا منداڵ فێری شتێک دەکرا کە بۆ ئەو قۆناغەی تەمەنی پێویست بوو، دواتر لەگەڵ گەورە بوونیدا منداڵەکەش پەروەردە و ئامۆژگاری و ڕێنمایی نوێی وەردەگرت لە کەسانی گەورە و دەوروبەریەوە، یەکەم هەنگاوی فێرکردنی منداڵ ئەوەبوو کە چۆن بتوانێت خۆراک کۆبکاتەوە، ئاودێری و کاری کشتوکاڵی بکات، ئاژەڵ بەخێو بکات و شوانکارە بێت.

- کـــرداری پەروەردەکـــردن لە لاســـاییکردنەوەی گەورەکانـــدا خـــۆی دەبینیەوە منداڵ و گەنجەکان لاسایی گەورەکانی خۆیان دەکردەوە و ئەم کارەشـــیان وەک ئەرک و مەشـــق لە ئەســـتۆ دەگـــرت و بە پێویستیەکی گرنگیان لەقەڵەم دەدا، بە کورتی ڕەوتی پەروەردە زۆر بە خاوی گەشەی دەکرد، بەڵام هەریەکە لە هەنگاوەکانی بە جۆرێک چەسپ دەبوو کە لەگەڵ گۆشت و خوێنی تاکەکانی کۆمەڵگەدا تێکەڵ دەبوو، وە دەبوو بە بەشێک لە پێکهاتەی ژیـانی ڕەسـەنایەتی، دەبوو بە کولتـوور و بەپیرۆز دەگیـرا، تەنـانەت هـونەری جەنگ و بەرگری کـردن لە هـۆز و تیـرە و زەویـوزار و نـزار و ئـاژەڵ و کەلـوپەلی ناوماڵ و خوێن و ئابڕوو، بە ڕادەیەک بەمەزن دەگیـرا کە لەلایەکەوە ئەرکـی سەرشـانی هەمـوو تـاکێکی هـۆز بـوو، لەلایەکـی دیکەشـەوە گەیشتبووە ئاستی پیرۆزی و بۆ هیچ کەسێک نەبوو کە فەرامۆشـی بکات.

## پەروەردەی کرداری و مەشقی بینراو:

سـەنتەری سـەرەکی هێـزی پاراسـتن و مـانەوە و گەشـەکردنی مـرۆڤ لەو سەردەمەدا بریتی بوو لـە هێزی میکانیکی، مرۆڤی دێرین بـەهـۆی پشت بەستنی بە هێزی ماسولکەیی خۆی، توانیویەتی کە بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات لە نێو ئەو هـەموو گیـانەوەرە دڕنـدە و ترسـناکانەی لە جەنگەڵەکانـدا هاوژیـانی بوون و ئێستا کە پوکاونەتەوە و نەماون، هاوکات ژینگە و ڕووداوە سروشتیەکانی وەکو با و باران و لافاو و هەرەسی بەفر و داڕوخـانی شـاخ و ئەشکەوت و کەمـی ئاگر و تەپ و تۆز و ڕەشەبا و....هتد، هەموویان هەڕەشـە بـوون بۆ سـەر مرۆڤـی بەرایـی، بەڵام بەکارهێنـانی هێـزی ماسـولکەیی و خـۆڕاگری بەرامـبەر تەوژمەکـانی سەرما و گەرما و کۆکردنەوەی خـۆراک و ڕووبەڕووبوونەوەی دڕندەکان وایکـرد کە ئەم مرۆڤە بمینێتەوە و لەناو نەچێت.

## پەروەردەی تیۆری ( نەبینراو):

ئەم جۆرە پەروەردە کردنە زیاتر پەیوەستە بە لایەنی نادیاری ژیری و هۆشیاری و ڕۆشنبیرییەوە کە مرۆڤ لە ئەنجامی تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خەڵکیدا دەستی دەکەوێت و لەلایەن خۆیەوە گەڵاڵەی دەکات، تا لە ئەنجامدا ئەو زانیاریە وەرگیراوانە دەکاتە سەرمایە و گەنجینەیەکی پەروەردەیی بۆ خودی خۆی.

ئاهەنگ و بۆنەکان لەلایەن سەرۆک هۆز و کاهین و جادوگەری ناو هۆزەکان و پیر و بە ساڵاچوانەوە ساز دەکران و تیایدا گەنجەکان فێری گەلێک شتی نوێ دەکران، لەوانەش گوێڕایەڵی کردنی دایک و باوک و سەرۆک هۆزەکان و خۆڕاهێنان لەگەڵ ژیانی قورس و تینوێتی و برسێتی و جەنگ و خۆگری و یادکردنەوە و پاکردنەوەی دەروون لە گێچەڵی شەیتان و دێو و درنجە خەیاڵییەکان کە لەو چاخ و کۆمەڵگەیەدا باویان هەبووە.

**پەروەردە لە کۆمەڵگەی چاخە دێرینەکاندا:**

کاتێک شارستانیەت بەرەو پێش دەچێت، داواکاری و پێویستیەکانی ژیان و گوزەرانیش ئاڵوزتر دەبن و شەکەتی و ماندووبوونێکی دەروونی زیاتر بەرەنگاری مرۆڤ دەبێتەوە، هەر لەو کاتەوە مرۆڤ چووە چاخی کشتوکاڵەوە و بەرە و نیشتەجێبوون چوو، داخوازی و ئەرکەکانی سەر شانیشی زیاتر بوون، بە ڕادەیەک کە دایک و باوکەکان دەرفەتی چاودێری و پەروەردە کردنی منداڵەکانیان نەبێت، لێرەوە وا پێویست بوو کە یەکەمین دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردن (قوتابخانە)، بێتە ئاراوە و کەسانی شارەزای بۆ دیاری بکرێت کە بە تەواوەتی خۆیان تەرخان بکەن بۆ کاری ئاڕاستەکردن و پەروەردە و فێرکردن.

**پەروەردە لەلای جولەکە:**

پەروەردەی (عیبرییەکان) لە چاخە بەراییەکاندا پەروەردەیەکی تایبەت بوو بە خێزان و ناوماڵ، هیچ قوتابخانەیەکی فەرمیان نەبوو بەڵکو ژیانی خێزانی کۆڵەگەی پەروەردە بوو لە کۆمەڵگەی جوولەکەدا، دوور نیە بڵێین ئەم کۆمەڵگەیە لە سەرەتادا هیچ سیستمێکی کۆمەڵایەتی نەدەزانی جگە لە سیستمی خێزان و جگە لە خواوەندەکانیش کەسی دیکەیان نەدەکردە گەورەی خۆیان، وا پێویست بوو کە دەبێت منداڵ فێر بکرێت کە بە تەواوەتی دڵسۆز و گوێڕایەڵ بێت بۆ خواوەندی گەورەیان کە بە (ئیل، یەهوە) ناسرابوو، لەبەر ئەوە منداڵ ئەرکێکی پەروەردەیی و فێرکاری زۆر قورسی لەسەر شان نەبوو، تەنها ئەوەندە نەبێت کە ببێت بە پێشەنگێکی نموونەیی لە پەیڕەوکردنی ئایین و نەریتی باوی کۆمەڵگەکەی.

**پەروەردە لە لای مەسیحیەکان:**

یۆنانیەکان و ڕۆمانیەکان گەلێکی بت پەرست بوون، شارستانیەتێکی گەورەیان هەبوو، پەروەردە و ستراتیژی پەروەردەییان ڕوون و ئاشکرابوو، لەڕووی ئایینییەوە توندڕەو بوون، سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵاتیان نەخشەکێش بوو، عەقڵیەتی سەربازی زاڵ بوو بەسەر دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتەکەیاندا، گەلێک لە وڵاتان و گەلانیان لەژێر دەستدا بوو، لەم بارودۆخەدا حەزرەتی عیسای کوڕی مەریەم (مەسیح) دەرکەوت و سەریهەڵدا، ئەم دەرکەوتنەشی بوو بە مایەی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی گەورە لە ڕەوت و سیاسەت و باری ئایینی و کۆمەڵایەتی یۆنانیەکان و ڕۆمانیەکان، ئاستی دنیا پەرستی گۆڕی بۆ ئاستێکی ڕوحی، ئامانجی پەروەردەی مەسیحی گۆڕین و چاکسازی ڕەوشتی تاکە کەس بوو لە کۆمەڵگەدا، دەبووایە ئەو ڕەوشت و بەها بەرزانە زیندوو بکرانایەوە و خەڵکی پابەند بوونایە، ئامانجی سەرەکی ئەم ئایینە ئاسمانیە نوێیە بریتی بوو لە چاکسازی هەموو جیهان و لەناوبردنی عەقڵیەتی بت پەرستی، بەڵام (کەنیسە) بۆی دەرکەوت کە دەبێت گۆڕانکاری سەرتاسەری جیهان و مرۆڤەکان بە گشتی لە چاکسازی تاکە کەسەوە دەست پێبکات، لەبەر ئەوە لە پەروەردەی مەسیحیدا، پەروەردەی تاک لە کۆمەڵگەدا درایە دەست (خێزان) و دواتر (کەنیسە)، کاری سەرەکی ئەم پەروەردەیە ئامادەکردن و ڕاهێنانی هزر و بیری مرۆڤەکان بوو بۆ وەرگرتن و پەیڕەویکردنی ئەم ئایینە تازەیە و زۆر گوێنەدان بە ژیانی دونیا.

**پەروەردە لە چاخی هاتنی ئیسلامدا:**

بەر لە هاتنی ئیسلام ماوەیەکی کەم نەبوو کە مرۆڤ لە ئایینە ئاسمانیەکان دابڕابوو، کەسیش هێندەی گەلی عەرەب پێویستی بە ئایینێکی تازە نەبوو، چونکە ئەمانە بە تەواوەتی بەرەو نەفامی چووبوون و نەزانی بووبووە بەشێک لە کولتووری ژیانیان، بۆ نموونە: زۆر چاک دەیانزانی کە خودا بێ هاوەڵ و تەنهایە، بەڵام کەللە ڕەقی و سور بوونیان لەسەر نەریتی چەوتی باوانیان وای لێکردبوون کە بەرد و دار و تەختە و قوڕ بکەن بە (بت) و (خواوەند)ی خۆیان و کڕنوشی بۆ ببەن، دەیانگوت: خۆ ئێمە دەزانین کە ئەمانە خودا نین، بەڵکو لە خودامان نزیک دەکەنەوە، زیاتر لە یەک بتیان دەپەرست، گەلێکی (فرەخواوەند) بوون، زۆربەی شارەکان بتی گەورەی شاری تێدابوو، هەروەها هەر گەڕەکەو بگرە هەر ماڵە و تەنانەت جاری وا هەبوو هەرکەسە و بتی خۆی هەبوو، دەهاتن خورمایان دەهێنا و دەنکەکانیان دەردەهێنا و دواتر شیری ووشتریان بەسەر خورماکەدا دەکرد و جوان جوان دەیانشێلا، تا دەیانکردە خورما و هەویر، ئینجا لەو هەویرە پەیکەرێکیان دروست دەکرد و لەبەر خۆرەتاو دایاندەنا تا ووشک دەبووەوە، ئەوسا ناوێکیان لێدەنا و دەیانکردە بت و خواوەندی خۆیان و دەیانپەرست، بۆ سەفەر و گەڕانیش لەگەڵ خۆیاندا دەیانبرد، بەڵام کاتێک لە سەفەرەکەیاندا برسێتی تینی بۆ دەهێنان بتە خورماینەکەیان بە شیر شی دەکردەوە و دەیانخوارد!!

**پەروەردەی ئەکادیمیایی و فەرمی ئیسلامی لە چاخی ئەمەویەکاندا لە ماوەی سالأنی (٧٥٠-١١٥٠ ز) بە تەواوەتی گەشەی کرد و دەکرێ بە چاخی زێڕینی پەروەردەی ئیسلامی دابنرێت، چونکە لەو سەردەمەدا گەلێک خوێندنگە و پەیمانگە و زانکۆ دانران و جۆرەها وانەیان تێدا دەخوێنراو لە زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە ئارەزوومەندانی خوێندن و زانست و زانیاری ڕوویان لەم خوێندنگە و زانکۆیانە دەکرد قۆناغەکانی خوێندنیش لەو سەردەمەدا سێ قۆناغ بوون کە ئەمانەن:-**

**قۆناغی یەکەم** : نوسەران و قوتابیانان، لەم قۆناغەدا دەیانخوێند کە تەمەنیان لە نێوان (١٤-١٦) ساڵ بوو، بە زۆریش لە حەوشە و گۆڕەپانی مزگەوتەکاندا بوون، یاخود ژووری مامۆستای مزگەوتەکە، کە بە (حوجرە) ناو دەبرا.

**قۆناغی دووەم**: وانەکان لەم قۆناغەدا لە ناو قوتابخانەی مزگەوتدا یان لە شێوەی بازنە و کۆڕی دانیشتندا دەگوترانەوە و دەخوێنران، یان ژووری تایبەتی خوێندنیان بۆ تەرخانکرابوو، ئەمانە ئەو فەقێ و خوێندکارانە بوون کە قۆناغی یەکەمیان بڕیوە و تەمەنیان لە نێوان (١٦-١٨) ساڵ بوو، لەم قۆناغەدا دەبوایە قوتابییەکە هەموو قورئانی لەبەر بکردایە.

**قۆناغی سێیەم** : دوای لەبەرکردنی هەموو قورئان قوتابی لەم قۆناغە وەردەگیرا، چەند شوێنێکی تایبەتیش بۆ خوێندنی ئەم قۆناغە دیاری کرابوو، لەوانەش ژووری کتێبخانە، هۆڵەکانی ئەدەبیات، خانە و ماڵی زانایان، مزگەوتەکان، بۆ نموونە: مزگەوتی ئەزهەر، خانەی حیکمە، کە لەسەردەمی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی هارونە ڕەشیددا دامەزراو لە ساڵی (٢١٧)ی کۆچی لەلایەن مەئمونی کوڕیەوە تەواوکرا،

## تایبەتمەندێتیەکانی پەروەردەی هاوچەرخ:-

- پەروەردە وای لێهاتوە کە پێشکەوتووترە لە (فێرکردن) و بایەخی زیاتری پێدراوە، گەلان و وڵاتان گەیشتوونەتە ئەو ڕاستیەی کە پێویستە کاربکەن بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریان و ئەم کارەشیان خستۆتە پێش کاری دەستەبەرکردنی پیشەیەکی دیاریکراوەوە، واتە خۆگونجاندن لەگەڵ ژیاندا بە پلەو کاری یەکەم دێت، دواتر هەڵبژاردنی پیشەی شیاو دێت.
- منداڵ، یاخود (تاک)ی کۆمەڵگە بووەتە سەنتەر و تەوەری سەرەکی پەروەردە، واتا (تاک) گرنگەکەیە، بەم کارەش مناڵان خۆیان بوونەتە خاوەنی ئازادیەکی ڕەها لە دانانی نەخشە و یاسا و پرۆگرامی خوێندن و وانەکانی خۆیان، لە پاڵ هەندێ ئاڕاستەکردن و ڕێنمایی شارەزایانی بواری پەروەردە و فێرکردن کە ئەزمونێکی گەورەیان هەیە لە بواری پەروەردەدا.
- قوتابخانەکان وا دروستکراون کە گونجاوبن لەگەڵ سروشتی ژیانی قوتابیان و خوێنکاران، هەروەها هاوتەریبن لەگەڵ سروشت و دەوروبەر، نابێت خوێنکاران و قوتابیان لەو کەش و هەوا ئازاد و کراوەیە دابېڕێن، تاکو توشی شۆک و هەستیاری و ئاڵۆزی دەروونی نەبن.

- پەروەردەی هـاوچەرخ بـایەخێکی زۆری داوە بە (چـۆنیەتی فێرکـردن، بـابەتی تــوێژینەوە، وانە و ماددەکــانی خۆینــدن کە بڕیاریــان لەســەر دراوە)، تــاکو نەوەیەکی ڕۆشنبیر پێبگات کە خاوەنی بیرێکی کراوە بێت و حەزی لەزانیاری و کارکردن بێت.
- پەروەردەی هـاوچەرخ، شـێواز و پـێگە و هۆکـاری نـوێی گـرتەبەر، بـۆ ئەمەش پشــتی بەســت بە ئــامێر و کەرەســتە و داهێنــراوی تەکنۆلۆژیــای نــوێ، تــاکو بەشـێوەی تەریب پەروەردە ڕەوتـی خـۆی بگـرێتەبەر کە هاوئاڕاسـتەبێت لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و پەرەسەندنی مرۆڤایەتی.
- پەروەردەی هـاوچەرخ بایەخیـدا بە فراوانکردنـی ئامـانجە پەروەردەییەکـان، لە سنوری گونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگەی ناوخۆیی (بەهەرێمایەتی و نەتەوەییەوە) تـا دەگــات بە خۆگونجانــدن لەگەڵ کــۆمەڵگە گشــتییەکان یــاخود ڕۆشــنبیرییە مرۆڤایەتییەکان، واتە ئامادەکردنی مرۆڤی چـاک و شـیاو بـۆ هەمـوو شـوێنەکان، بیگومــان ئەمەش مانــای فەرامۆشــکردن و وەلانــانی پەروەردەی نیشــتیمانی نــاگەیەنێ، بەڵکـو فراوانکردنـی گەشـەکردنە لە هەرێمـایەتیەوە بـۆ نەتەوایەتـی لەوێشەوە بۆ جیهانیەتی مرۆڤایەتی.

سوپاس

بۆ ئامادەبوون و گوێگرتنتان

## سەرچاوەکان:


- ئالانی ، عزیز(2015)،فەلسەفەی پەروەردە ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
- محمـــود، عبـــدالرحمن حەمە چـــاوش(2013)، پەروەردە لە ســـایەی فەلســـەفەی پەروەردەیـــی نیشتیمانیدا، چاپخانەی سەردەم ، سیێلمانی.
- الشبلی، أبراهیم مهدی (1986)المناهج – بنائها و تنفیذها – مطبعة وزارة التربیة.
- مبارک، بدیع محمود (1987)، الفلسفة والاهداف و السیاسة التربویة ، مکتب أبو عمـاد للطباعـة، بغداد.
- أبن خلدون (بلا تأریخ)، المقدمة، مطبعة مصطفی محمد ، القاهرة.
- عبد الدائم ، عبدالله (1973)، التربیة عبر التأریخ، دار العلم للملاین ،بیروت.
- سرحان، الدمرداش(1981) ، المناهج المعاصرة ، مکتبة الفلاح ،الکویت.